# نوێــژی بەیانــی

## پاداشتی ئەنجامدانی ، سزای ئەنجام نەدانی

لەگەڵ

## هۆکارەکانی هەستان بۆ نوێژی بەیانی

ئامادە کردنی

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

==========================================================

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەکی :

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [سورة النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [سورة الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

ئەم نامیلکەیە بە کورتی باس لە چەند تەوەرێک دەکات لەوانە : پاداشتی ئەنجامدانی نوێژی بەیانی ، و سزای وازهێنان و نەکردنی نوێژی بەیانی ، و لەگەڵ چەند هەنگاوێک بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بە جەماعەت .

داواکارین لە خوای گەورە بیکاتە مایەی سوود بۆ هەموو موسڵمانان .

# پاداشتی ئەنجامدانی نوێژی بەیانی

له ئاینی ئیسلامدا نوێژ فەزڵی دراوە بەسەر هەموو خواپەرستیەکانی تردا جگە له یەکخواپەرستی (تەوحید) نەبێت، وە لەنێوان نوێژەکاندا نـوێژی بەیانی تایبەت کراوە بە زیادە پاداشت و چاکە و خێر و فەزڵ ، جا ئەنجامدەری نوێژی بەیانی براوەی فەزڵەکانەو مزگێنی و مژدەی خۆشی بەردەکەوێت و پێی دراوە ، لەو مژدانەش:

## مژدەی یەکەم : نورو ڕۆشناییەکی تەواو لە ڕۆژی دواییدا

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : "بَشِّرِ الْمَشَّائِينَ فِي الظُّلَمِ إِلَى الْمَسَاجِدِ ، بِالنُّورِ التَّامِّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ " [صحيح الألباني] واتە: مژدەی نورێکی تەواو له ڕۆژی دواییدا بدەن بەوانەی کە بەتاریکی دەڕۆن بۆ مزگەوتەکان.

## مژدەی دووەم : باشترە لە دونیا

ئەگەر نوێژخوێن هەستا بە ئەنجامدانی دوو ڕکعات سوننەتی پێش نوێژی بەیانی ئەوا چاکتـرە لە دونیا و ئەوەشی تێیدایە.پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی :"رَكْعَتَا الْفَجْرِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا"[رواه مسلم]

واتە: دوو ڕکعاتی سووننەتی پێش نوێژی بەیانی چاکترە لە دونیا و ئەوەشی تێیدایە. جا دەبێ نوێژی بەیانی چەند پاداشتی گەورەبێ؟

## مژدەی سێیەم : پاداشتی شەونـوێـژ

ئیمامی عوسمان ڕەزای خوای لێ بێ دەفەرموێ : بیستم لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم کە فەرمووی : " مَنْ صَلَّى الْعِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا قَامَ نِصْفَ اللَّيْلِ ، وَمَنْ صَلَّى الصُّبْحَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا صَلَّى اللَّيْلَ كُلَّهُ " [ رواه مسلم] .

واتە: ئەوەی نوێژی عیشا بە جەماعەت بکات وەکو ئەوە وایە کەنیوەی شەوەکە شەونوێژی کردبێت، وە ئەوەشی نوێژی بەیانی بەجەماعەت بکات وەکو ئەوە وایە کە هەموو شەوەکە شەونوێژی کردبێت.

## مژدەی چوارەم : چوونە بەهەشت و ڕزگاربوون لە ئاگـر

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی :" لَنْ يَلِجَ النَّارَ أَحَدٌ صَلَّى قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا " يَعْنِي الْفَجْرَ وَالْعَصْرَ " ( رواه مسلم )

واتە: ناچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە کەسێک کە پێش دەرچوونی خۆر و پێش ئاوابوونی نوێژ بکات (واتە بەیانی و عەسر).

## مژدەی پێنجەم : لەژێر چاودێری و پارێزگاری خوادایە

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی " مَنْ صَلَّى صَلاَةَ الصُّبْحِ فَهُوَ فِي ذِمَّةِ اللَّهِ " ( رواه مسلم ). واتە: ئەوەی نوێژی بەیانی بەجەماعەت بکات ئەوا لە ژێر پاراستن و ئەمانەتی خوادایە .

جا ئایا ئەوەی کە خەوتووە لەکاتی نوێژی بەیانیدا ئایا پشکی هەیە لەم هەموو خێر و پاداشت و مژدانە؟ بێ گومان نەخێر، سوێند بەخوا تەنها و تەنها خەسارەتمەندی بۆ دەمێنێتەوە و پەشیمانی چاوەڕوانی دەکات.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## سزای وازهێنان و نەکردنی نوێژی بەیانی

برای لاوم : داواکارم ئەگەر بتوانی بە گوێی دڵ گوێبیستی ووتەکانم بیت، و هەست و بیری خۆتم بدەیتێ، لە چەند خولەکێکی ژیانت، بۆ ئەوەی چەند ئامۆژگاریەکت بە گوێدا بدەم، کە هەموویان ئامۆژگاری دڵسۆزن بۆ کەسێکی خۆشەویستی خۆی، ئامۆژگاریەکانیشم بە شێوەی پرسیار دەبن، بۆ ئەوەی هەموو پرسیارێکی زەنگێکی بێدارکەرەوە بێت، و لە خەوی غەفڵەت بێدار ببیتەوە، و قۆڵی بۆ هەڵماڵی و پەشیمان ببیتەوە لەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کەمتەرخەمیت نوواندبێت لە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، و دووای بیستنی ئەم ووتانە بڕیاری یەک لایی بدەی و نوێژی بەیانی بە جەماعەت ئەنجام بدەین، و سەردەمی سستی و تەمبەڵی بەلاوە بنەیت .

- ئایا دەزانی نەکردنی نوێژی بەیانی یەکێکە لەسیفاتی مونافیقەکان؟

خوای پەروەردگار لەبارەی دووڕووەکانەوە فەرموویەتی: {وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلَاةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلاً} [النساء: ١٤٢].واتە : کاتێک کە ئەم مونافیقانە هەڵسن بۆ نوێژ کردن ئەوە زۆر بەتەمبەڵی هەڵئەسن وە قورسن و ناتوانن هەڵسن نوێژەکانیان بکەن ، وە بۆ ڕیاو ڕووبینی خەڵک ئەیکەن نەک وەکو گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم- نە چاوەڕێی پاداشتن

نە لە سزا ئەترسێن ، وە زیکری خوای گەورە ناکەن لە ناو نوێژەکەیاندا زۆر بەکەمی نەبێ ئەویش لە پێش چاوی موسڵمانان .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: ((لیس صلاة أثقل على المنافقينَ من صلاة العشاء والفجر، ولو يعلمون ما فيهما لأتوهما ولو حبْوًا)) متفق علیه.

واتە : هیچ نوێژێک بەقەدە نوێژی بەیانی وعیشا قورس نییە لەسەر دووڕووەکان ، خۆ ئەگەر بینزانیبایە چەند خێرەکەی گەورەیە ئەوا بۆی دەهاتن گەر بەسکە خشکێش بوایە.

-ئایا دەزانی ئەوەی نوێژی بەیانی ناکات شەیتان میز دەکات بە گوێ دا؟

یەکێک لەخراپییەکانی واز هێنان لەنوێژی بەیانی ئەوەیە شەیتان میز دەکات بەگوێیدا ، هەروەک ابن مسعود، دەڵێ : ذُكر رجل عند النبي – صلى الله عليه وسلَّم – نام ليله حتى أصبح، قال: ((ذاك رجلٌ بال الشيطان في أُذُنَيْه)) رواه البخاري

واتە : باسی پیاوێک کرا لەلای پێغەمبەردا – صلی الله علیه وسلم – شەو نوستووە تاوەکو بەیانی بەخەبەر نەهاتووە ، پێغەمبەری خوا فەرمووی : ئەوە کەسێکە شەیتان میزی کردووەتە هەردوو گوێیەوە .

جا مانای ئەمە ئەوەیە : شەیتان زاڵ بووە بەسەریدا ، وگاڵتەی پێ کردووە ، تاوەکو کردوویەتیە شوێنی میز کردن والعیاذ بالله.

## - ئایا دەزانی ئەوەی نوێژی بەیانی نەكات لە قەبردا چ سزایەک دەدرێ؟

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم باسی خەونێكی دەكات و دەفەرموێ :

دووپیاوم بینی یەكێكیان پاڵ كەوتبوون، ئەویتریشیان بەردێكی گەورەی بە دەستەوە بوو بە سەریەوە وەستا بوو، و بەردەكەی بەسەردا دەدا و سەری دەپژاند و پانی دەكردەوە، و پاشان بەردەكەی هەڵدەگرتەوە، و دەوەستا تاكو سەری دەگەڕایەوە بۆ دۆخی جارانی، و جارێكی تر بەردەكەی دەدایەوە بە سەریدا، هەروەكو لە جاری یەكەمدا پێی كرد، منیش ووتم: پاكی و بێگەردی بۆ خوای پەروەردگار ئەم دوو كەسە چیانە؟! جبریل ـ علیه السلام ـ پێی ووتم: ئەوە ئەو كەسەیە كە دەخەوێت و نوێژی بەیانیانی ناكات.(صححه العلامة الألباني)

ئەمە ئەگەر كەسێک تەنها نوێژێكی ئەنجام نەدابێت، ئەی ئەو كەسەی كە بە بیانووی پڕوپوچ هەموو نوێژەكانی لە دەست دەدات؟!

برای خۆم ڕۆژانە گوێمان لەبانگ دەبێت (حي على الصلاة حي على الفلاح ، الصلاة خير من النوم ) كەچی ناچین بەدەمیەوە و وەڵامی نادەینەوە! .

وە ئایا ڕاوەستانی ڕۆژی قیامەتمان لەبەرانبەر خودادا لەبیر كردووە ؟.

## پرسیارێکی گرنگ

**ئایا ئەوانەی کاتی نوێژی بەیانی بەخەبەر دێن و بەڵام هەڵناسن نوێژەکانیان بکەن ئایا دەتوانن دوایی قەزای بکەنەوە؟**

(شێخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله) لە وەڵامدا دەفەرموێ :

ئەوانەی کەنوێژی بەیانی دوادەخەن تاوەکو لەکاتەکەی خۆی تێپەڕ دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن لەکاتی خۆیدا ئەنجامی بدەن، باش بزانن ئەوانە نوێژەکانیان دروست نیە و وەرناگیرێت ئەگەر هەزارجاریش دوبارەی بکەنەوە. واتە دەدرێتەوە بەسەریاندا. چونکە هەرکەسێک نوێژ دوا بخات بەبێ بیانویەکی شەرعی ئەوا کردەوەیەکی کردووە کە لەشەرعدا بەڵگەی لەسەر نەهاتووە، کەواتە دەدرێتەوە بەسەر خۆیدا. بەڵام دەبێت تەوبەبکات و پەشیمان ببێتەوە و کردەوەی چاکە زۆر بکات ، وەداوای سەلامەتی لەخوای گەورە بکات. سلسلة اللقاء الشهري ٣٨

کەواتە هەرگیز نەڵێی دوای خۆر هەڵهاتن نوێژەکەم قەزا دەکەمەوە ، مادام بە ئەنقەست نوێژەکەت نەکەی هەرگیز قەزا کردنەوە سودی نیە.

# چەند هەنگاوێک بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بە جەماعەت

یەکەم : زوو نوستنی شەوان : لەفەرموودەیەکی سەحیح دا هاتووە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی خۆش نەبوو دوای عیشا قسە بکرێت و لە پێشیەوە مرۆڤ بنوێت ، جا بەداخەوە ئەوەی دەیبینین خەڵکانێکی زۆر تا نیوە شەو خەریکی فەیسبوک و یاری پەبجی و شتی بێ سوودن ، و لەبەر درەنگ نوستنیان نوێژی بەیانی ناکەن و خۆیان لە خێرێکی زۆر بێ بەش دەکەن.

دووەم : دەست نوێژ گرتن و خوێندنی زیرەکانی پێش نوستن ، بێگومان ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ هەستان بۆ نوێژی بەیانی .

سێیەم : ڕاستی نیەت وهەبوونی عەزیمەت بەوەی بۆ نوێژی بەیانی هەڵدەستێت ، بەڵام کەسێک بنوێ و ئاواتە خواز بێت سەعاتەکەی لێ نەدات ..ئەوا بەو نیەتە فاسید و خراپەوە ناتوانێت نوێژی بەیانی بکات ، و سەر کەوتوو نابێت بۆ هەستان .

چوارەم : زیکری خوا کردن لەکاتی هەستاندا لەخەو ، هەندێ کەس هەڵدەستێت ، پاشان دوو بارە دەنوێتەوە ، بەڵام گەر یەکسەر یادی خودای کرد ئەوا گرێی شەیتانی لێ دەکرێتەوە ، ودەبێتە یارمەتی دەری بۆ هەستان بۆ نوێژ ، خۆ ئەگەر هەستا و دەست نوێژی شوشت ئەوا شەیتان لێی دوور دەکەوێتەوە ، وە

ئەگەر دەستی کرد بەنوێژ ئەوا شەیتان سەر شۆڕ دەبێت و، کەسەکە دڵ ودەروونی پاک وچالاک دەبێت.

پێنجەم : پێویستە داوای یارمەتی بکات لەکەس وکار و هاوڕێ چاکەکانی بۆ هەستان لەخەو ئەمەش دەچێتە ئەم بابەوە کە خوای تەعالا ئاماژەی پێ داوە :

{وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى} [المائدة:٢]

واتە : وە ئێوە هاوکاری یەکتری بکەن لەسەر چاکەو تەقوای خوای گەورە

جا پێویستە موسوڵمان بەخێزانەکەی بڵێ بۆ نوێژی بەیانی خەبەری بکاتەوە ، وزۆر تەئکیدی لێ بکاتەوە ، هەر چەند زۆر هیلاک بێت ، وەپێویستە منداڵیش داوا لەباوکیان بکەن خەبەریان بکەنەوە بۆ نوێژی بەیانی ، وە نابێ باوک بڵێ تاقی کردنەوەیان هەیە وناڕەحەتن با بۆ خۆیان بنون وگوناحن ، بەهیچ شێوەیەک نابێ وا بڵێت ونابێ بەزەیی پێیاندا بێتەوە چونکە بێگومان بەزەی وڕەحمەت ئەوەیە بەخەبەریان بکاتەوە بۆ گوێڕایەڵی خودا:{وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا} [طه ].

واتە : وە تۆ فەرمان بە کەسوکارت یان بە ئوممەتەکەت بکە بە نوێژ کردن ، وە ئارام بگرە لەسەر نوێژ کردنەکەت .

وە هەروەها پێویستە ئامۆژگاری ویارمەتی دان لەنێوان براکانیش دا هەبێت ویەکتر بەخەبەر بێنن ، وەک قوتابی زانکۆ ئەوانەی لەیەک شوقەدا دەژین و دراوسێ ...هتد .

شەشەم : وە داوا لەخودا بکات یارمەتی دەری بێت بۆ هەستان بۆ نوێژی بەیانی وئەنجام دانی بەجەماعەت ؛ چونکە پاڕاوەنەوە گەورەترین هۆکاری سەرکەوتنە لەهەموو کارێک دا .

حەوتەم : بەکار هێنانی ئامێری بەخەبەر هێنان ، لەوانە کاتژمێر ، وە دانانی لەجێگەیەکی گونجاو ، چونکە هەندێ کەس لەلای سەریانەوە دایدەنێن وکاتێ کە لێی دەدات بێ دەنگی دەکات ودەنوێتەوە ، ئەم جۆرە کەسانە پێویستە لەدوور خۆیان کاتژمێرەکە دانێن بۆ ئەوەی هەستی پێ بکەن وهەستن بۆ نوێژ .

هەشتەم : درەنگ نەنوستن تەنانەت گەر شەو نوێژیشی دەکرد ، هەندێ کەس شەو نوێژێکی زۆر دەکەن ودرێژی دەکەنەوە ، پاشان پێش نوێژی بەیانی بەماوەیەکی کەم دەنون ، وناتوانن هەستن بۆ نوێژی بەیانی ، ئەمە زۆر جار لەڕەمەزاندا ڕوو دەدات ، بەشێوەیەک پارشێو دەکەن وپاشان پێش نوێژی بەیانی بەماوەیەکی کەم دەنون ، و نوێژی بەیانیان لەدەست دەچێت ، بێگومان ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە ؛ چونکە نوێژی فەرز لەپێشترە لەنوێژی سوننەت ، ئەمە بەنسبەت ئەو کەسانەی کەشەو نوێژ دەکەن ، ئەی چ جای ئەوانەی کەشەو درەنگ دەنون وخەریکی تاوان و شتی بێهودەن وەکو یاری پەبجی و خۆ سەرقاڵ کردن بە تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە .

نۆیەم : زۆر نەخواردن پێش نوستن ، چونکە زۆر خواردن یەکێکە لەهۆکارەکانی خەو قورسی ، بێگومان هەر کەسێک زۆر بخوات زۆر هیلاک دەبێت و زۆر دەنوێت ، وەهەرکەسێکیش زۆر بنوێت کاری خێری زۆر لەدەست دەچێت ، دەی کەواتە با مرۆڤ سوور بێت لەسەر کەم خواردن بەتایبەت لەئێوارانداا .

دەیەم : وە با کاتژمێرەکەی بۆ کاتێک زۆر زوو تەوقیت نەکات گەر زانی لەو کاتە بەخۆی دەڵێت هێشتا کات ماوە و با هەندێکی تر بنوم ، بێگومان هەموو کەسێک خۆی دەناسێت ودەزانێت چی بۆی گونجاوە

یانزەیەم : داگیرساندنی گڵۆپ لەکاتی بەخەبەر هاتن ، ئەمەش کاریگەری باشی هەیە بۆ هەستان و نەنوستنەوە .

دوانزەیەم : وە دوای نوێژی عەسر ومەغریب نەنوێت ، چونکە خەوتنی ئەم دوو کاتە دەبنە هۆکاری درەنگ نوستن لەشەودا .

سیانزەیەم : هیمەت وعەزیمەت لەکاتی هەڵساندا ، بەشێوەیەک هەر کە بەخەبەر هات یەکسەر هەڵسێت ، نەک بەچەند هەنگاوێک هەڵسێت ، وەک هەندێ کەس کەبەچەند قۆناغێک هەڵدەستن ، هەر کە هاوەڵەکەیان دوور کەوتەوە یەکسەر دەگەڕێنەوە بۆ جێگەی نوستنەکە ، جا ئەم جۆرە هەڵسانە زۆر جار سەرکەوتوو نابێت .

چواردەیەم : شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەچۆنیەتی نوستندا ، بەشێوەیەک لەسەر لای ڕاستی بخەوێت ، و ڕوومەتی ڕاستی لەسەر دەستی ڕاستی دابنێت ، ئەم جۆرە نوستنەش یارمەتی دەرە بۆ هەستان وبەخەبەر هاتن .

پانزەیەم و کۆتایی : نیەتپاکی (إخلاص) و خۆیەکلایی کردنەوە بۆ خودا و وازهێنان لەتاوان و بەردەوام نەبوون لەسەری باشترین پاڵنەرە بۆ هەستان بۆ نوێژ ، و سەرداری هەموو هۆکارەکانی ترە ، جا گەر ئیخلاس هەبوو ئەوا دەبێتە پاڵنەری دڵ وجەستە و گەر کەسەکە درەنگیش نوستبێت هەڵدەستێت و نوێژەکەی لەکاتی خۆیدا دەکات .

## کەسێ نوێژ نەکات چی سزایەکی بۆ دانراوە لە ڕۆژی دوایدا ؟

نوێژ کردن یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئاین:

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:((بُنِيَ الإسلامُ على خمس: شهادة أنْ لا إلهَ إلاَّ الله وأنَّ محمداً رسول الله، وإقام الصلاة، وإيتاء الزكاة، وصوم رمضان، وحج البيت)) [رواه البخاري ومسلم] .

واتە: ئیسلام لە سەر پێنج پایە بنیات نراوە: شایەتی دان بەوەی کە: هیچ پەرستراوێک نی یە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا وە بەڕاستی (محمد صلى الله عليه وسلم) پێغەمبەری خوایە، وە کردنی نوێژ بە ڕێکوپێکی، وە زەکات دان، وە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان، وە حەجکردنی ماڵی خوا.

وە نوێژ کردن نیشانەی جیاکردنەوەی مرۆڤی ئیمانداره لە مرۆڤی بێ ئیمان و کافر:

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: ((العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة فمن تركها فقد كفر)) [صحيح الجامع الصغير رقم: (٤١٤٣)] .

واتە: بەڵێنی نێوان ئێمەی موسڵمان و بێ باوەڕەکان بریتی یە لە نوێژ جا هەرکەسی وازی لێبێنێت ئەوا کوفری کردووە.

وە نوێژکردن یەکێکە لە مەرجەکانی برایەتی ئاینی:

خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی: [فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ] [سورة التوبة: (١١)] .

واتە: جا ئەگەر تەوبە بکەن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن ئەوا ئەوانە براتان لە دین و ئایندا.

لە بەر هەموو ئەمانە و چەندین هۆکاری تریش نوێژ نەکردن تاوانێکی زۆر گەورە و ترسانە و سزاکەشی زۆر سەخت و ناڕەحەتە:

خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی: [فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ (٤) الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ (٥) ] [سورة الماعون] .

واتە: فەوتان و نەمان و تیاچوون (یان دۆڵێک لە دۆڵەکانی دۆزەخ) بۆ ئەو نوێژگەرانەی کەوا لە نوێژەکانیاندا کەمتەرخەمن.

ئەگەر ئەمە سزای نوێژگەرانێک بێت کەوا کەمتەرخەمی دەکەن لە نوێژەکانیاندا ! ئایا دەبێت سزای ئەو کەسانە چۆن بێت کەوا هەر نوێژ ناکەن ؟!

خوای گەورە لە قورئاندا باسی دۆزەخی یەکان دەکات کەوا کاتێک بەهەشتی یەکان پرسیاریان لێیان کرد: [مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ] واتە: چی ئێوەی هێناوەتە ناو

سەقەرەوە (ناوێکە لە ناوەکانی جەهەننەم) ؟ ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن: [قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ] [سورة المدثر: (٤٢ . ٤٣)]

واتە: ئێمە لەو کەسانە نەبووین کەوا نوێژیان دەکرد..

لە کۆتاییدا : داواکارین لە خودای گەورە کە هیدایەتی ئێمە و ئێوەش بدات و بمانخاتە سەر ڕێگە ڕاستەکەی خۆی و نوێژی بەیانیمان لە لا خۆشەویست بکات،و مۆفەقمان بکات بۆ ئەنجامدانی بە جەماعەت ، و لە خەوی غەفڵەت وبێ ئاگایی ڕامانبچەڵەکێنێ و لە دەستی نەفسی بەدکار و شەیتانی نەفرەت لێ کراو ڕزگارمان بکات ، و لە کاتێکدا بمان مرێنێ کە خۆی لێمان ڕازیە ، و لە بەهەشتیشدا لەگەڵ پەیامبەران (عليهم الصلاة و السلام) و هاوەڵان (رضي الله عنهم) و پیاوچاکاندا کۆمان بکاتەوە . آمین .